# فەلسەفە: کێ پێویستی پێیەتی؟

ئاین راند
وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد

لەبەرئەوەی من چیرۆکنوسم, با بە چیرۆکێکی زۆر کورت دەستپێبکەین. گریمان تۆ لەناو کەشتییەکی ئاسمانیدایت و کەشتییەکەت لە کۆنترۆڵدا نەماو خۆی کێشا بە هەسارەیەکی نەناسراودا. کاتێك هۆشت دێتەوە بەر خۆت، دەبینیت ئازارێکی ئەوتۆت پێ نەگەیشتووە. یەکەمین سێ پرسیار کە بە بیرتا دێت, ئەمانە دەبن: من لە کوێم؟ چۆن بزانم؟ پێویستە چی بکەم؟

لە دەرەوە رووەکی نائاشنا دەبینیت, هەواش هەیە بۆ هەناسەدان, تیشکی هەتاو لەوە لاوازترە کە تۆ بیرت دێتەوەو هەست دەکەیت دنیا ساردە. سەر بەرز دەکەیتەوە بۆ ئەوەی سەیری ئاسمان بکەیت, بەلاّم دەوەستیت. هەستێکی ناکاو دات دەگرێت: خۆت دەبینیت لە جێگایەکی زۆر دووریت و گەڕانەوەت بۆ زەوی شیاو نیە, ئەوەندە دوورە کە نازانیت چەندە، تۆ ئازادیت باوەڕ بەوە بکەیت کە خۆت ئارەزوو دەکەیت.. هەست بە چەشنە ئومێدێکی تەماویی و خۆش و تا رادەیەك گومانایی دەکەیت.

دەچیت بۆ لای ئامێرەکانت: لەوانەیە تێکشکا بن, نازانیت تا چ رادەیەك زیانیان لێکەوتووە. بەلاّم لەپڕ رادەوەستیت و ترسێکی ناکاو دات دەگرێت: چۆن دەتوانیت متمانە بەو ئامێرانە بکەیت؟ چۆن دەتوانیت دڵنیا بیت لەوەی بە هەڵەتدا نابەن؟ چۆن دەزانیت کە دەتوانن لەناو جیهانێکی جیاوازدا کاربکەن؟ واز لە ئامێرەکانت دەهێنیت. ئێستا سەرت لەوە دەسوڕمێت کە بۆچی ئارەزووی کردنی هیچت نیە. لە دڵی خۆتا دەڵێیت وا باشترە چاوەڕێ بکەم تا کەسێك لە شوێنێکەوە پەیدا دەبێت, نەك کەشتییە ئاسمانییەکە هێندەی تر بشکێنم. لە دوورەوە چەشنە بونەوەرێکی زیندوو دەبینیت نزیك دەبنەوە, نازانیت مرۆڤن یان نا, بەلاّم لەسەر دوو قاچ دەڕۆن. بەخۆت دەڵێیت: ئەمانە پێم دەڵێن چی بکەم.

بەلاّم کەس هەر گوێشت لێناگرێت.


دیڤید هیوم

دەڵێیت، ئەمە ئەندێشەیە؟ تۆ وا ڕەفتار ناکەیت و هیچ کەشتییەوانێکی تریش وا ناکات؟ ڕەنگە وا بێت. بەڵام لێرە، لەسەر زەوی، زۆربەی خەڵك لە ژیانی خۆیانا وا دەکەن.

زۆربەی مرۆڤەکان ڕۆژەکانی خۆیان بەوە بەسەر دەبەن کە تێبکۆشن خۆیان لە سێ پرسیار لابدەن، کە وەڵامدانەوەیان هەموو بیرکردنەوە و هەستکردن و کردەوەی مرۆڤ دیاریی دەکات. جا چ ئەگەر هوشیارانە ئەم کارە بکەن یان نا: من لە کوێم؟ چۆن بزانم؟ پێویستە چی بکەم؟

بەڵام کاتێك مرۆڤەکان بەشی ئەوە گەورە دەبن کە لەو پرسیارانە تێبگەن، دەگەنە ئەو باوەڕەی کە وەڵامەکان دەزانن. من لە کوێم؟ بڵێ، لە شاری نیویۆرك. چۆن ئەوە دەزانم؟ ئەوە بەڵگەنەویستە. پێویستە چی بکەم؟ لێرەدا زۆر دڵنیا نین.. بەڵام وەڵامە باوەکە ئەوەیە: ئەوەی هەموو کەسێك دەیکات. وادیارە تاقە گرفت ئەوەیە کە ئەوانە کارا نین، زۆر دڵنیا نین، زۆر کامەران نین.. جاری واش هەیە ترسێکی بێ هۆ دایان دەگرێت و هەر لە خۆیانەوە هەست بە تاوانباری دەکەن، کە ناتوانن لێکی بدەنەوەو ڕزگاریشیان نابێت لێی. ئەوان هەرگیز ئەو ڕاستییەیان نەدۆزیوەتەوە کە گرفتەکان لە سێ پرسیارە وەڵامنەدراوەکەوە دێن... تەنها یەك زانست هەیە کە وەڵامی هەرسێکیان دەداتەوە: فەلسەفە.

فەلسەفە لە سروشتی بنەڕەتی بوون و مرۆڤ و پەیوەندیی مرۆڤ بە بوونەوە دەکۆڵێتەوە. وەك دژێکی زانستە تایبەتییەکان کە هەریەکەیان مامەڵە لەگەڵ چەند دیاردەیەکی دیاریکراودا دەکەن، فەلسەفە مامەڵە لەگەڵ ئەو دیاردانەی گەردووندا دەکات کە پەیوەندییان بە بوونی هەموومانەوە هەیە. لە جیهانی درککردندا، زانستە تایبەتییەکان درەختەکانن، بەڵام فەلسەفە ئەو خاکەیە کە بوار دەڕەخسێنێت دارستانەکە بوونی هەبێت.

بۆنمونە، فەلسەفە پێمان ناڵێت ئایا تۆ لە نیویۆرکیت یاخود لە زانیباریت (ئەو هۆکاری وات دەخاتە بەردەست کە خۆت بە هۆیانەوە بۆت دەربکەوێت). بەڵام ئەمەت پێدەڵێت: ئایا تۆ لە گەردوونێکدایت کە یاسا سروشتییەکان بەڕێوەی دەبەن، بۆیە جێگیر و تۆکمەو ڕەهایە و ... قابیلی زانینیشە؟ یاخود تۆ لەناو

پشێوییەکی تەمومژدایت، جیهانی پەرجووە لێکنەدراوەکان، فەنابوونێکی کەشفنەکراوی نەزانراو، کە مەحاڵە عەقڵی تۆ درکی پێبکات؟ ئایا ئەو شتانەی تۆ لە دەوری خۆت دەیانبینیت، راستەقینەن... یاخود تەنها هەر وەهمن؟ ئایا بە سەربەخۆیی لە هەر چاودێرێك بوونیان هەیە... یاخود چاودێرێك دروستی کردوون؟ ئایا ئەوانە بکەر یان بەرکاری هۆشی مرۆڤن؟ ئایا ئەوانە ئەوەن کە هەن... یاخود دەتوانرێت تەنها بە هۆی ویستێکی هۆشی تۆوە بگۆڕدرێن، خۆزگەیەك بۆ نمونە؟

سروشتی کردەوەکانی تۆ و هیواکانی تۆ بە پێی ئەو کۆمەڵە وەڵامەی پەسەندیان دەکەیت، دەگۆڕێن. ئەو وەڵامانە ناوچەی میتافیزیان[1].. لێکۆڵینەوەی بوون وەك بوون، یان بە وتەی ئەرەستۆ[2] "بوون بەو سیفەتەی بوونە، لقی سەرەکی فەلسەفەیە.

گرنگ نیە دەگەیتە چ دەرەنجامێك، بە زەرورەت ناچار دەبیت وەڵامی پرسیارێکی تر بدەیتەوە، کە پرسیارێکی رێنماییکەرانەیە: چۆن دەیزانم ؟ لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەموو شتێك نازانێت یان بەدەر نیە لە هەڵە، بۆیە دەبێت ئەوە بدۆزیتەوە کە دەتوانیت بە چی بڵێیت زانین و چۆن لێهاتوویی دەرەنجامەکانت دەسەلمێنیت. ئایا مرۆڤ بەهۆی پرۆسێسی عەقڵەوە فێری زانین دەبێت.. یان بە هۆی سروشێکی ناکاو لە هێزێکی ژوورسروشتییەوە؟ ئایا عەقڵ بریتیە لەو


دیکارت

توانایەی کە پێناسەی ئەو مادانە دەکات کە بە هۆی هەستەوە درکیان پێدەکات و ئاوێتەی یەکترییان دەکات، یاخود لە رێگەی ئایدیا نەژادییەکانەوە کە مرۆڤ پێش ئەوەی لە دایك ببێت لەناو هزریدا چێنراون؟ ئایا عەقڵ بەردەوام خەریکی پشکنینی واقیعە. یاخود ئایا مرۆڤ خاوەنی چەند توانایەکی تری درککردنە کە دەکەونە سەرووی عەقڵەوە؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێت بگاتە یەقین.. یاخود نەفرەتی ئەوەی لێکراوە لە گومانێکی ئەبەدیدا بژی؟

بە پێی ئەوەی تۆ چ کۆمەڵە وەڵامێك هەڵدەبژێریت، مەودای خود دڵنیابوونت .. و رادەی سەرکەوتوییت.. دەگۆڕێن. ئەم وەڵامانە پانتایی ئەپستمۆلۆجیان[3] "تیوریی زانین" کە لە هۆکارەکانی درککردنی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە.

ئەم دوو لقە، بریتین لە بناغەی تیورییانەی فەلسەفە. لقی سێهەم ئێتیکە[4].. کە دەشێت بە تەکنەلۆجیای فەلسەفە دابنرێت. ئێتیك بەسەر

هەموو ئەو شتانەدا پیادە نابێت کە هەن, تەنها بەسەر مرۆڤدا پیادە دەبێت, بەسەر هەموو سیمایەکی ژیانی مرۆڤدا پیادە دەبێت: کاراکتەرەکەی, کردەوەکانی, بەهاکانی, پەیوەندیی بە هەموو بوونەوە. ئێتیك یان ئاکارێتی پێناسەی یاسای بەهاکان دەکات بۆ ئەوەی ڕێنمایی پشك و کردەوەکانی مرۆڤ بکات.. ئەو پشك و کردەوانەی کە ڕەوتی ژیانی دیاریی دەکەن.

کەشتیارە ئاسمانییەکەی ناو چیرۆکەکەم نەیدەزانی چی بکات, چونکە نەیویست بزانێت لە کوێیەو چۆن کەشفی بکات, تۆش هەتا سروشتی ئەو گەردوونە نەزانیت کە تۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت, سروشتی ئەو هۆکارانەی بەدەستەوەن بۆ درككردن.. هەروەها سروشتی خۆشت تێنەگەیت, نازانیت چی بکەیت. پێش ئەوەی بێیتە سەر ئێتیك, پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە کە میتافیزیاو ئەپستمۆلۆجیا دەیکەن: ئایا مرۆڤ بونەوەرێکی عەقڵانییە[٥], دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکات, یاخود بونەوەرێکی بێدەسەڵاتی کوێری بەستەزمانە, شتێکی سووکی بێنخەو کێشراوە بە ڕووی گەردونندا؟ ئایا دەشێت مرۆڤ لەسەر زەوی داهێنان بکات و کامەران بێت.. یاخود مەحکومە بە نوشوستی هێنان و بێزلێهاتنەوە؟ دەتوانیت بە پشتبەستن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەتوانیت دەست ببەیت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئێتیك: چاکەو خراپە بۆ مرۆڤ چین و بۆچی؟ ئایا پێویستە یەکەمین هەوڵی مرۆڤ بۆ خۆشحاڵی بێت یاخود بۆ دەربازبوون بێت لە ئازار؟ ئایا پێویستە مرۆڤ کەماڵ یان وێرانکردنی خود بکات بە ئامانجی ژیانی؟ ئایا پێویستە مرۆڤ شوێن بەهاکانی بکەوێت .. یان بەرژەوەندی ئەوانیتر بخاتە سەرووی بەژەوەندی خۆیەوە؟ ئایا دەبێت مرۆڤ عەودالی کامەرانی بێت یان قوربانیدان بە خود؟

پێویست ناکات ئاماژە بکەم بۆ ئەنجامە جیاجیاکانی ئەم دوو سێتە جیاوازە لە وەڵامەکان. دەتوانن لە هەموو شوێنێك ببیبنین.. لەگەڵ خۆتدا و لە دەوروپشتی خۆت.

وەڵامەکان بە ئێتیك دراونەتەوە, ڕەچاوی ئەوە کراوە کە دەبێت مرۆڤ چۆن مامەڵەی مرۆڤەکانی تر بکات, ئەم ڕەچاوکردنەش لقی چوارەمی فەلسەفەیە: سیاسەت, کە پێناسەی پرەنسیپەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی لەبار دەکات. وەکو نمونەیەك بۆ وەزیفەی فەلسەفە, فەلسەفەی سیاسی پێت ناڵێت کە دەبێت بڕی چەند ئاوت بدرێتێ و لە چ ڕۆژێکی هەفتەدا بێت... پێت دەڵێت ئایا حکومەت مافی ئەوەی هەیە هیچ ڕێژەیەك لەسەر هیچ شتێك دابنێت.

لقی پێنجەم و دواهەمین لقی فەلسەفە, واتە ئیستاتیکا[٦], لێکۆڵینەوەی هونەر, کە لەسەر بنەمای میتافیزیاو ئەپستمۆلۆجیاو ئێتیك دامەزراوە. هونەر لەگەڵ پێداویستییەکانی مرۆڤدا مامەڵە دەکات ... سەرقاڵی بەخشینەوەی وزەیە بە هۆشی مرۆڤ .

رەنگە هەندێك لە ئێوە بڵێن, وەك زۆرکەسی تریش دەڵێن: " وای, من هەرگیز بیر لەم چەمکە پەتییانە ناکەمەوە.. من دەمەوێت لەگەڵ گرفتە دیار و بەرچاوەکانی ژیانی راستەقینەدا مامەڵە بکەم.. من فەلسەفەم بۆ چییە؟ وەڵامی منیش ئەمەیە: بۆ ئەوەی بتوانیت مامەڵە لەگەڵ گرفتە دیار و بەرچاوەکانی ژیانی راستەقینەدا بکەیت.. واتە, بۆ ئەوەی بتوانیت لەسەر زەوی بژیت, پێویستیت بە فەلسەفەیە.

رەنگە وەك زۆرێك لە خەڵکی ئێوەش بڵێن هەرگیز بە فەلسەفە سەرسام نەبووین, من داواتان لێدەکەم چێکی قسەکەتان بکەنەوە. ئایا هەرگیز ئەم قسانەی خوارەوەتان کردووە یان بیرتان لێکردونەتەوە؟ "هێندە دڵنیا مەبە, کەس ناتوانێت لە هیچ دڵنیا بێت" ( ئەو بیرۆکەیەتان لە دەیڤید هیوٚم[7] و زۆر زۆر کەسی ترەوە وەرگرتووە), گەرچی لەوانەیە هەر ناویشتان نەبیستبێ. یان "رەنگە ئەمە وەك تیوری باش بێت, بەڵام لە پراکتیکدا بەکەڵك نایەت". ئەمەتان لە ئەفلاتونەوە[8] وەرگرتووە. یاخود: "ئەوە کارێکی دزێو بوو کردی, بەڵام ئیتر ئەویش مرۆڤێکەو بەس, کەس لە دونیادا کامڵ نیە" ئەمەتان لە ئۆگەستینەوە[9] وەرگرتووە. یا: "رەنگە ئەمە بۆ تۆ راست بێت, بەڵام بۆ من راست نیە" ئەمەتان لە ولیام جەیمسەوە[10] خواستۆتەوە. یان: "هیچم پێ نەکرا! لەگەڵ ئیشەکانی ئەودا کەس یچی لە دەست نایەت" ئەمیانتان لە هێگڵ[11] وەرگرتووە. یاخود:"گەرچی ناتوانم بیسەلمێنم, بەڵام هەست دەکەم راستە" ئەمەتان لە کانت[12] وەرگرتووە. یان:" ئەمە خراپە, چونکە خۆپەرستانەیە" هەر لە کانتەوە بۆت هاتووە. قەت بیستوتە هەڵسوڕاوە مۆدێرنەکان بڵێن :"یەکەمجار بیکەو دوایی بیری لێبکەرەوە" ئەمەیانتان لە جۆن دیۆی[13] وەرگرتووە.

رەنگە هەندێکیتان وەڵام بدەنەوە:"بێشك, من لە کاتی جیاجیادا ئەو شتانەم وتووە, بەڵام مەرج نیە بەردەوام هەر ئەو شتانە بڵێم. رەنگە دوێنێ راست بووبێت, بەڵام ئەمڕۆ وا نیە". ئەمەشیان لە هێگڵەوە بۆ ماوەتەوە. لەوانەیە بڵێن:"جێگیریی لەسەر یەك بۆچوون هی عەقڵە بچووکەکانە" ئەمەیان لە عەقڵێکی زۆر بچووکەوە بۆ هاتووە, لە ئێمەرسۆنەوە. دەشێت بڵێن:"بەڵام ئایا مرۆ ناتوانێت سازش بکات و ئایدیای جیاجیا لە فەیلەسوفە جیاجیاکانەوە بخوازێتەوە, بە پیی پێویستی ئان و ساتەکە؟" ئەمەیان لە ریچارد نیکسۆنەوە وەرگرتووە کە ئەویش لە ولیام جەیمسەوە وەری گرتووە.

ئێستا, لە خۆتان بپرسن: ئەگەر ئێوە حەزتان لە ئایدیا پەتییەکان نیە, بۆچی ئێوەش و (هەموو مرۆڤەکانیش) هەست دەکەن ناچارن بەکاریان بهێنن؟ راستییەکە ئەوەیە کە ئایدیا پەتییەکان بریتین لە تەواوکارییەکی چەمکییانە کە بێشومار ئایدیای کۆنکرێتی دەگرنە خۆیان.. هەروەها بە بێ ئایدیا پەتییەکان ناتوانن مامەڵە لەگەڵ گرفتە کۆنکرێتی و


هیگڵ

دیاریکراوەکانی ژیانیشدا بکەن. ئەو کات لە شوێنی ساوایەکی تازە لە دایکبوودا دەبێت، کە بەلای ئەوەوە هەموو شتێک دیاردەیەکی ناوازەی بێوێنەیە. جیاوازیی لە نێوانی حاڵەتی عەقڵی ئەو و ئێوەدا لە ژمارەی ئەو تەواوکارییە چەمکییانەدایە کە عەقڵەکانی ئێوە بەدەستییان هێناون.

ئێوە لەمەڕ پێویستیی ئەوەی تەواوکاریی لە سەرنجەکان، ئەزمونەکانتان، زانینتاندا بکەن بەرەو ئایدیا پەتییەکان، واتە بۆ پرەنسیپەکان. تاکە ئیختیارتان ئەوەیە ئایا ئەو پرەنسیپانە راستن یان هەڵەن، ئایا نوێنەری هۆشی ئێوەن، نوێنەری بیرکردنەوە عەقڵییەکانتانن.. یاخود جانتایەکی تێکەڵ و پێکەڵی بیرۆکەکانن و بە شێوەیەکی هەڕەمەیی قۆزراونەتەوە، کە سەرچاوەکانیان، بەکەڵکهاتووییان، رەوت و سەرەنجامەکانیان، خۆت نازانیت چین، کۆمەڵێک بیرۆکەن، کە گەلێک جار وەک چۆن پەتاتەی گەرم لە دەستت دەڕژێت، ئەوانیش ئاوا زایە دەبن و بە خۆشت نازانیت.

بەڵام ئەو پرەنسیپانەی ئێوە پەسەندیان دەکەن (هوشیارانە بێت یان ناهوشیارانە) رەنگە بەر یەکتریی بکەون یان لەگەڵ یەکتریدا ناکۆک بن، ئەوانیش پێویستییان بەوەیە کە رێکبخرێن. چی رێکیان تێدا دەخات؟ فەلسەفە. سیستمێکی فەلسەفی بریتیە لە تێڕوانینێکی رێکخراوی تەواوکار بۆ بوون. ئێوە وەکو مرۆڤ هیچ ئیختیارێکتان نیە دەربارەی ئەو راستییەی کە پێویستیتان بە فەلسەفەیە. تاکە ئیختیاری ئێوە ئەوەیە ئایا ئێوە پێناسەی فەلسەفە بە هۆی پرۆسیسێکی بیرکردنەوەی هۆشمەندانە و عەقڵانییانەو رێکوپێکەوە دەکەن لەگەڵ گومانگەراییەکی لۆجیکییانەدا.. یاخود، لێدەگەڕێن ناهۆشمەندیتان هەر لە خۆیەوە تۆپەڵێک دەرەنجامی ناپێویستی وەها کۆبکاتەوە، کە بە شێوەیەکی هەڵە گشتێنراون و پڕن لە ناکۆکی پێناسەنەکراو، دروشمی هەرسنەکراو، هیواو ئاواتی بێسنوور، ترس و گومان، هەموویان پێکەوە بە رێکەوت کۆکراونەتەوە، بەڵام نەستی خۆتان هاتووە لە شێوەیەی فەلسەفەیەکی ناڕەسەندا رێکی خستوون و کردوونی بە یەک شتی تۆکمە: متمانە نەبوون بە خود، وەکو تۆپێک و زنجیرێک لەو شوێنەدا کە پێویستی دەکرد هزرت باڵی لێبڕوێت و بفڕێت.

ڕەنگە بڵێین، وەك چۆن زۆر کەس دەڵێن، ئەوە ئاسان نیە هەمووجارێك بە پێی پرەنسیپە پەتییەکان رەفتار بکەین. نەخێر ئەمە ئاسان نیە. بەڵام ئەی ئەوە چەند زەحمەتترە کە بە پێی ئەوان رەفتار بکەیت و نەشزانیت ئەوانە چین؟

نەستی تۆ وەکو کۆمپیوتەرێك وایە.. لە ئاڵۆزترین کۆمپیوتەر ئاڵۆسکاوترە کە تا ئێستا مرۆڤ توانیبێتی دروستی کردبێت.. وەزیفەی سەرەکیشی بریتیە لە رێکخستن و تەواوکاریکردنی ئایدیاکانت. کێ بەرنامەی بۆ داناوە؟ عەقڵی هوشیاری خۆت. ئەگەر نوشوستیت هێنا، ئەگەر نەگەیشتیتە هیچ باوەڕێکی تۆکمە، نەستی تۆ بە رێکەوت پرۆگرام کراوە.. تۆش خۆت دەدەیتە دەستی هێزی ئەو ئایدیایانەی کە خۆشت نازانیت پەسەندت کردوون. بەڵام بە هەر رێگایەك بێت، کۆمپیوتەرەکەت چاپی رۆژانەو کاژێرەکانی خۆیت دەداتێ، ئەویش لە شێوەی هەست و سۆزەکاندا... کە وەك خەملاندنی شتەکانی دەووبەرت پرشنگ دەدەنەوە، بە پێی بەهاکانی خۆت حیساب و کیتابیان بۆ کراوە. ئەگەر تۆ کۆمپیوتەرەکەی خۆت بە هۆی بیرکردنەوەی هوشیارانەوە پرۆگرام بکەیت، ئەوسا دەزانیت سروشتی بەهاکان و سۆزەکانت چین. ئەگەر وا نەکەیت، نازانیت.

ئیمڕۆ، زۆر کەس، دەڵێن گوایە ناتوانن بە تەنها بە لۆجیك[١٤] بژین، چونکە رەگەزێکی سۆزییانەش لە سروشتیاندا هەیە، ئەوانە بە رێنمایی سۆزەکانیان رێ دەکەن. باشە، خۆ کەشتییەوانەکەی ناو چیرۆکەکەشم هەر وای کرد، نوکتەکە لەسەر ئەویش و لەسەر ئەوانیشە: بەها و سۆزەکانی مرۆڤ بە هۆی تێڕوانینی بنەڕەتیی ئەوەوە بۆ ژیان دیاریی دەکرێن. پرۆگرامەری کۆتایی نەستی ئەو فەلسەفەیە..ئەو زانستەی کە، بە پێی سۆزگەراکان، ناتوانێت کاریگەریی هەبێت یاخود نهێنییە تاریك و نوتەکەکانی هەستەکانیان بسمێت.

جۆری بەرهەمی کۆمپیوتەرەکە بەستراوە بە جۆری ئەو شتانەی دەخرێنە ناوی، یان ئینستاڵ دەکرێن. ئەگەر نەستت بە رێکەوت پرۆگرام کرابێت، ئەوا بەرهەمەکەشی کاراکتەرێکی وەڵامدەرەوەی دەبێت. رەنگە زاراوەی گیگۆتان بیستبێت کە بەکارهێنەرە بلیمەتەکانی کۆمپیوتەر بەکاری دەهێنن... کە ماناکەی: خۆڵە عەمەلەی تێکرا، خۆڵە عەمەلە هاتە دەرەوە. هەمان شت بۆ پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی مرۆڤ و سۆزەکانی دەبێت.



ئەو مرۆڤەی سۆز بەڕێوەی ببات وەك ئەو مرۆڤە وایە كە كۆمپیوتەرێك بەڕێوەی ببات كە ئەو لاپەڕانەی چاپی دەكات ناخوێندرێنەوە. ئەو نازانێت پرۆگرامەكەی دروست یان نادروستە، راستە یان هەڵەیە، ئایا بۆ ئەوە دانراوە كە بەرەو سەركەوتن بیبات یان بەرەو وێرانبوون،ئایا خزمەتی ئامانجەكانی خۆی دەكات یان هی هێزێكی نەزانراوی خراپەكار. ئەو لە دوو رووەوە كوێرە: كوێرەو جیهانی دەوروپشتی خۆی نابینێت، هەروەها بەرامبەری جیهانی ناوەوەی خۆشی نابینایە، ناتوانێت واقیع یان پاڵنەرەكانی خودی خۆی بزانێت، بەردەوام لە هەردوكیشیان دەترسێت.

هەست و سۆزەكان ئامێری درككردن نین. ئەو مرۆڤانەی حەزیان لە فەلسەفە نیە، لە هەمووان زیاتر پێویستییان پێیەتی: ئەوانە لە هەمووان زیاتر لەبەردەمی دەسەڵاتی فەلسەفەدا بێتوانان. ئەو مرۆڤانەی حەزیان لە فەلسەفە نیە، ئەوانە لە ئەتمۆسفیری كەلتوریی دەوروپشتی هۆیانەوە پرەنسیپەكانی هەڵدەمژن – لە قوتابخانە، كۆلێج، كتێب، گۆڤارەكان، رۆژنامەكان، فیلم، تەلەفیزیۆن.. هتد. كێ تۆنەكانی كەلتورێك رێك دەخات؟ ژمارەیەكی كەم لە مرۆڤەكان: فەیلەسوفەكان. ئەوانیتریش شوێنیان دەكەون ئیتر بە قەناعەتەوە بێت یان نا. نزیكەی دووسە ساڵ لەمەوبەر، لە ژێر كاریگەریی ئەمانوێل كانتدا، ئاڕاستەی باڵادەستی فەلسەفە رووی كردە یەك ئامانجی دیاریكراو: وێرانكردنی عەقڵی مرۆڤ، ئەویش بەهۆی متمانەی تەواوی بە دەسەڵاتی هزرەوە بوو. ئەمڕۆ لوتكەی ئەو ئاڕاستەیە بە چاوی خۆمان دەبینین.

كاتێك مرۆڤەكان دەسبەرداری هزر بوون، بۆیان دەركەوت كە هەست و سۆزەكان نەك تەنها ناتوانن رێنماییان بكەن، بەڵكو ئەوان ناتوانن هیچ هەست و سۆزێك تاقی بكەنەوە، یەك دانە نەبێت: تیرۆر. بڵاوبوونەوەی دەرمانە بێهۆشكەرەكان لە نێوانی لاواندا دەگەڕێتەوە بۆ مۆدێلە هزرییەكانی ئێستامان، گوزارشت لەو حاڵەتە دەرونییە بەرگەنەگیراوەی ئەو مرۆڤانە دەكات كە لە هۆكارەكانی درككردن بێبەریی بوون و هەوڵ دەدەن لە دەستی واقیع هەڵبێن...لە دەستی ترسی ناتواناییان لە مامەڵەكردن لەگەڵ بووندا. سەرنج بدەن ئەو خەڵكە لاوانە چ تامەزرۆیی و ئارەزوویەكی تاوسەندوویان هەیە بۆ ئەوەی سەر بەشتێك بن، خۆیان بدەنە پاڵی گروپێك، شەقاوەیەك یان تاقمێك. زۆربەی ئەوانە هەرگیز فەلسەفەیان نەبیستووە، بەڵام هەست دەكەن كە پێویستییان

بە وەڵامی بنەڕەتی هەیە بۆ چەند پرسیارێك کە ناوێرین بیانکەن... بە هیوان خێڵەکەیان پێیان بڵێت چۆن چۆنی بژین. ئامادەن هەر جاودوگەرێك بە ناوی پزیشکییەوە، وەستایەك، یان دیکتاتۆرێك بیانخاتە ژێر سایەی خۆیەوە و دەستیان بەسەردا بگرێت.

یەکێك لە هەرە مەترسیدار شتەکان کە مرۆڤ بتوانێت بیکات، تەسلیمکردنی سەربەخۆیی ئاکارییانەی خۆیەتی بە خەڵکی تر: وەك کەشتییەوانەکەی ناو چیرۆکەکەم، نازانێت ئایا ئەوانە مرۆڤن، گەرچی لەسەر دوو قاچیش دەڕۆن.

ئێستا، زۆرکەس دەپرسن: ئەگەر فەلسەفە بتوانێت ئەوەندە خراپ بێت، بۆچی بیخوێنین؟ بە شێوەیەکی تایبەتی، بۆچی تیورییە فەلسەفییەکان بخوێنین کە زۆر زۆر هەڵەن، هیچ مانایەکیان نیە، هیچ پەیوەندییەکیان بە ژیانەوە نیە؟

وەڵامی من: بۆ پاراستنی خود.. داکۆکیکردن لە راستی، دادپەروەریی، ئازادی، لەگەڵ هەر بەهایەکی تردا کە هەتبووە یان دەتبێت.

هەموو فەلسەفەکان خراپ نین، گەرچی زۆربەی زۆریان وان، بە تایبەتی لە مێژووی مۆدێرندا. لە لایەکی ترەوە، لە رەگوڕیشەی هەموو دەسکەوتێکی شارستانێتیدا، وەك زانست، تەکنەلۆجی، پێشکەوتن، ئازادی.. ئەسڵ و فەسڵی هەر بەهایەك کە ئیمڕۆ سوودی لێوەردەگرین، بە لە دایکبوونی وڵاتیشەوە.. دەچێتەوە بۆ سەر کارەکانی یەك تاکە مرۆڤ کە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر ژیاوە: ئەرەستۆ.

ئەگەر هەندێك لە تیورییە ناروونەکانی هەندێك فەیلەسوفت خوێندەوەو جگە لە بێزاریی هەستت بە هیچی تر نەکرد، ئەوە بزانە من زۆر هاوسۆزتم و دڵم لاتە. بەڵام ئەگەر بیانخەیتە لاوەو بڵێیت:"من بۆچی خەریکی ئەم شتە بم کە دەزانم قسەی قۆڕە؟".. ئەوە هەڵەیت. قسەی قۆڕە، بەڵام تۆ نازانیت کە زۆری پێناچێت و دەکەویتە پەسەندکردنی هەموو دەرەنجامەکانیان، هەموو وتەو زاراوە خراپەکان لە لایەنی ئەو فەیلەسوفانەوە دەهێنراون. زۆریشی پێناچێت، دەبینیت ناتوانیت بە درۆیان بخەیتەوە.

ئەو قسە قۆڕانە سەرقاڵی مەسەلە زۆر گرنگەکانن، مەسەلەکانی ژیان و مەرگ، مەسەلەی بوون. لە رەگ و ریشەی تیۆریی هەموو فەیلەسوفێکی دەرکەوتوودا، مەسەبەیەکی یاسایی هەیە.. بە واتای ئەوەی پێویستییەکی رەسەن لە هۆشی مرۆڤدا هەیە، کە هەندێك لە تیۆرییەکان تێدەکۆشن روونی بکەنەوەو هەندێکی تریش دەیانەوێت تەڵخی بکەن و بیشێوێنن و گەندەڵی بکەن، لێنەگەڕێن مرۆڤ بیدۆزێتەوە. جەنگی فەیلەسوفان جەنگی هزری مرۆڤە. ئەگەر تۆ لە تیۆرییەکانیان تێناگەیت، ئەوا شێمانەی ئەوە هەیە بکەویتە بەر هورووژمی خراپترینیان.

باشترین ڕێگا بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفە ئەوەیە بەو شێوەیە خۆتی لێبدەت کە خۆت دەدەیت لە چیرۆکێکی پۆلیسییانە: دوای هەموو شوێنەوارێك و بیرۆکەیەك و ئەنجامێك بکەوە، بۆ ئەوەی بۆت دەربکەوێت کێ پیاوکوژە و کێ پاڵەوانە. پێوانەی دۆزینەوەکەش دوو پرسیارە: بۆچی؟ لەگەڵ چۆن؟ ئەگەر باوڕێك دروست دیار بێت. بۆچی؟ ئەکەر باوەڕێکی تر هەڵە دیار بێت، بۆچی؟ هەروەها چۆن ئاواهی داڕێژراوە؟ دیارە یەکسەریی وەڵامی هەموو پرسیارەکان نادۆزیتەوە، بەڵام خەسڵەتێکی بەهادارت دەست دەکەوێت: توانا بیرکردنەوە بە زاراوە بنەڕەتییەکان.

هیچ شتێك بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نەدراوە بە مرۆڤ، نە زانین و نە متمانەبوون بە خود، نە دڵنییایی ناوەوەی خۆی، هەروەها نە ڕێگای دروست بۆ بەکارهێنانی هزر.

هەر بەهایەك کە ئەو پێویستی پێی بێت یاخود بیەوێت، دەبێت بدۆزرێتەوە، فێری ببێت و هەڵی بگرێتەوە، تەنانەت هەڵوێستی دروست لە جەستەی خۆشی. لەم ڕووەوە ، دەمەوێت بڵێم کە من هەمیشە سەرسام بووم بەو هەڵوێستەی کە وێست پۆینت پەرەی پێداوە، هەڵوێستێکە لێوەی مرۆڤ بە شانازییەوە کۆنترۆڵی جەستەی خۆی دەکات و دیسپلینی بۆ دادەنێت. باشە، مەشقی فەلسەفییانە هەڵوێستێکی هزرییانەی لەبار بۆ مرۆڤ دابین دەکات.. کۆنترۆڵێکی مایەی شانازی و دیسپلینکراو بەسەر هزری خۆیدا.

تۆ لە پیشەی تایبەتی خۆتدا، لە خزمەتی سەربازیدا، دەزانیت چەند گرنگە ئاگات لە چەك و تەقەمەنییەکان و ستراتیج و تاکتیکەکانی دوژمنەکەت بێت.. دەبێت خۆشت سازدابێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕوویان بوەستیتەوە. هەمان شت بۆ فەلسەفەش ڕاستە: پێویستە لە ئایدیاکانی دوژمن تێبگەیت و ئامادە بیت بۆ ڕەتکردنەوەیان. پێویستە بزانیت ئارگیومێنتەکانی[15] و بتوانیت هەڵیان بتەکێنیت.

لە جەنگی مەیدانیدا، پیاوانی خۆت ڕەوانەی لای تەڵەیەك ناکەیت کە بۆ گەمژەکان دانراوە: هەموو هەوڵێکی خۆت دەخەیتە گەڕ بۆ ئەوەی بزانیت جێگاکەی لە کوێیە. سیستەمەکەی کانتیش گەورەترین و ورد داڕێژراوترین تەڵەیە لە مێژووی فەلسەفەدا.. بەڵام ئەوەندە کون و کەلەبەری تێدایە کە دەشێت لێیانەوە کەشفی بکەیت، دەتوانیت بە بێ هیچ گیروگرفتێك پووچەڵی بکەیتەوە و بە سەلامەتی بەسەریدا تێبپەڕیت و بەرەوام ببیت. ئینجا هەر ئەوەندەی پووچەڵکرایەوە، ئەوانەی کەمتر کانتیین، دەرەجەدارە نزمترەکانی ناو سوپاکەی، عەریفەکانی فەلسەفەکەی، پشتیوانانی دوێنێ ، کرێگرتەکانی ئەمڕۆ، هەموویان بەهۆی زنجیرەی کاردانەوەکانەوە هاوسەنگییان تێکدەچێت و هەرەس دێنن.

ئێستا هۆیەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی بۆچی تۆ، سەرکردەی ئایندەی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان، پێویستیت بەوە هەیە بە شێوەیەکی فەلسەفییانە چەکدار بیت. تۆ ئامانجی هێرشێکی تایبەتیت کە دامەزراوە کانتیەکان، هێگڵییەکان، کارمایەدارییەکان[16] کە لە ئێستادا باڵیان بەسەر دامودەزگا کەلتورییەکانماندا کێشاوە. ئێوە سوپای دواهەمین وڵاتی نیمچە ئازادن لەسەر زەوی، کەچی تاوانباریش کراون بەوەی ئامێری دەستی ئیمپریالیزم بوون.. ئیمپریالیزمیش ناوێکە لە لە سیاسەتی دەرەکیی ئەم وڵاتە نراوە، کە هەرگیز داگیرکاریی سەربازیی نەکردووەو لە هەردوو جەنگی جیهانی هیچ سودێکی وەرنەگرتووە، کە هۆی هەڵگیرساندنیان نەبووە، بەڵام بەشداریی تێدا کردوون و براوەش بووە (وەکو روداویش سیاسەتێکی گێلانەو دڵفراوانییەکی بەلاش بوو کە ئەم وڵاتە سامانیخۆی لە یاریدەدانی اوپەیمانەکانی و دوژمنەکانی پێشوویدا سەرف کرد). شتێك کە پێی دەوترێت "گرێکوێرەی سەربازی – ئابوری". کە شتێکی پرۆپووچ و بگرە خراپتریشە.. کە ئۆباڵی هەموو گێرمەوکێشەکانی وڵات دەخرێتە ئەستۆی. گروپە تونرەوەکانی ناو کۆلێجەکان هاوار دەکەن کە پێویستە R.O.T.C لە حەرەمی زانکۆ قەدەغە بکرێت. لە لایەنی ئەو کەسانەوە هێرش دەکرێتە سەر بۆجەی داکۆکیکردنمان و نارەزایی بەرامبەری دەردەبڕێت، کە دەڵێن پێویستە توانای داراییمان بەکاربهێنرێت بۆ خزمەتکردنی باخچەکانی ناو ژینگەو ئیستاتیکای گوزارشت لە خود کردن لە گەڕەکە میللییەکاندا.

رەنگە هەندێك لە ئێوە سەریان لەم هەڵمەتە سوڕمابێت و بپرسن ئاخۆ ئێوە چ هەڵەیەکتان کردووە کە ئەمەی لێ بکەوێتەوە. ئەگەر وابێت، ئەوا زۆر پێویستە لە سروشتی دوژمنەکە تێبگەین. ئێوە هێرشتان دەکرێتە سەر، نەك لەبەر هەڵە یان کەمتەرخەمی، بەڵکو لەبەر خەسڵەتە چاکەکانتان. نارەزایی بەرامبەرتان دەردەبڕێت، لەبەر لاوازیتان نا، بەڵکو لەبەر بەهێزی و تواناتان. سزادراون چونکە پارێزەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون. لەسەر ئاستی نزمتری هەندێکی تر لە مەسەلەکان، جۆرە هەڵمەتێکی هاوشێوە دژی هێزەکانی پۆلیس بەرپا کراوە. ئەوانەی دەیانەوێت ئەم وڵاتە تێکبشکێنن، دەیانەوێت لە چەکەکانی دای بڕنن، لە رووی هزریش و لە رووی کرداریشەوە، ئەمە مەسەلەیەکی سیاسی نیە، چونکە سیاسەت هۆ نیە، بەڵکو دواهەمین بەرەنجامی ئایدیا فەلسەفییەکانە.

ئەمە پیلانی کۆمۆنیستەکان[17] نیە، گەرچی رەنگە هەندێك لە کۆمۆنیستەکانیش دەستیان تێیدا هەبێت.. ئەوان هیچی وایان لە باردا نیە. پاڵنەرەکانی ئەم وێرانکەرانە بریتی نیە لە خۆشویستنی کۆمۆنیزم، بەڵکو رق و قینیان لە

ئـەمریکا پاڵنەریانـە. بۆچـی رقیـان لێیـەتی؟ چـونکە ئـەمریکا بەشـێوەیەك دەژی کـە جیهانـە کانتییەکە بە درۆ دەخاتەوە.

نیگـــەرانیی ئیمـــڕۆی لاوازەکـــان لەگـــەڵ هاوسـۆزی هەڵـەو نادروسـتیاندا بەرامبـەری ئـازارو ژانـی تاوانبارەکـان، بەشـێوەیەکی زۆر قـەرەبووی رقـە کانتییەکـەی بێتاوانـەکان و بـەهێزەکان و بـەتواناکان و سـەرکەوتووەکان و کامەرانەکان دەکاتەوە. فەلسەفەیەك هاتبێت بۆ ئەوەی هـەزری مرۆڤ وێـران بکات، بە زەرورەت فەلسەفەی رقهەڵگرتنە لـە مرۆڤ، لە ژیانی مرۆڤ، هـەوەها لـە بەهاکانیشی. رقبوونـە لـە چاکەکان لەبەر ئـەوەی چاکن، ئەمـەش نیشانەی سـەدەی بیسـتەمە. ئەمـە ئـەو دوژمنەیـە کـە ئێـوە رووبەڕووی بوونەتەوە.

جـەنگێکی لـەمجۆرە، پێویسـتی بـە چـەکی تایبـەتی هەیـە. پێویسـتی بـە تێگەیشـتنی تـەواوەوە لـە مەسـەلەکەی خۆتانـەوە لەگەڵیـدا بەشـەڕبێن، متمانەیـەکی تـەواو بـە خۆتـان، دڵنیـایی تـەواو لـە دروسـتێتی ئاکاریيانـەی هـەردوکیان. تـەنها فەلسـەفە دەتوانێـت ئـەو چەکانەتان بـۆ دابین بکـات. ئـەو ئەرکـەی مـن ئەمشـەو خـۆمم بـۆ تـەرخان کردووە بـریتی نیـە لەوەی فەلسەفەکەی خۆمتان پێ بفرۆشم، بەڵکو بریتیە لـە فەلسـفە وەك خـۆی. من بەشێوەیەکی شـاراوە لـــە هـــەموو وشـــەکانمدا باســـی فەلســـەفەکەی خـــۆمم کـــردووە.. چـــونکە هیچکەسمان ناتوانێت لـە وتەکانیـدا خـۆی لـە پێشەکییە فەلسەفییەکان بدزێتەوە. من خۆم لەم مەسـەلەیەدا چـیم قازانجـە؟ مـن بەشـی خـۆم ئەوەنـدە متمانـەم هەیـە کـە وا بـیر بکەمـەوە کـە ئێـــوە گرنگیـــی فەلســـەفە و ئـــەرکی تاقیکردنەوەشـی بەشـێوەیەکی رەخنەییانـە پەسەند دەکەن، ئەوە فەلسەفەکەی منە کە ئێوە دەگەنە ئـەوەی پەسەندی بکـەن. بە شێوەیەکی رەسمـــی نـــاوی دەنـــێم بابـــەتێنی. بـــەڵام بەشێوەیەکی ناڕەسمی، پێی دەڵێم فەلسـەفەی ژیـان لەسـەر زەوی. ئێـوە لـە کتێبەکانمـدا پیشکەشـکردنێکی روونـی ئـەم فەلسـەفەیە دەدۆزنەوە، بە تایبەتی لە ئەتڵەسی شروگێتدا. وەکـو دەرەنجـام، رێگـەم بـدەن بـە زاراوە شەخسییەکانی خـۆم بدوێم. ئەم ئیوارەیـە لای من بایەخێکی یـەکجار زۆری هەیـە. هەستدەکەم بە دەرفەتی ئـەوەی قسە بـۆ ئێوە بکـەم، شـکۆدار بـووم. دەتـوانم بڵـێم .. وەك برۆمیـدێکی نیشتمانپەروەر نا، بەڵکو بە زانینی تەواو لەمـەڕ پێویســـتێتی رەگوڕیشـــە میتافیزیـــایی و ئەپیستمۆلۆجیایی و ئێتیکی و سیاسییەکانی ئیستـاتیکا.. بـەوەی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا مەزنترین و خانەدانترینە، لە پرەنسیپە ئەسـڵییەکانی دامەزراندنیـدا، تاکـە وڵاتـی ئاکاریيانەیە لە مێژووی جیهانـدا. بە بۆچوونی مـن، لەگـەڵ نـاوی خـۆراوادا چەشنەچەشـنە درەوشـانەوەیەکی هێـدی هەیـە.. چـونکە ئێـوە رۆحـی ئـــەو پرەنســـیپە بنەڕەتییانـــەتان هەڵگرتۆتـــەوە و خۆشـــتان سمبـــوڵی ئـــەو

پرەنسـیپانەن. ئـەو پرەنسـیپانە نـاکۆکی و هەڵەشیان تێدا بووە, رەنگە ئەوانەی ئێوەش هەڵەیان تێدا بێت.. بەڵام من باسی بنچینەکان دەکەم. لەوانەیە لە مێژووی ئێوەدا تاکی وەها هـەبێت کـە نەگەیشـتبێتە ئاسـتی بـەرزترین سـتانداردی ئێـوە... وەك چـۆن لـە هـەموو دەزگایەکدا خەڵکانی وەها هەن.. چونکە هیچ دەزگایەك و یچ سیستمێکی کۆمەڵایەتی نیە گـەرەنتی ئـەوە بـدات کـە بـە شـێوەیەکی ئۆتۆماتیکییانە هەموو تاکەکانی کامڵ دەکات, ئەمە پشـت بـە ئـیرادەی ئـازادی تاکـەکان دەبەسـتێت. مـن باسـی سـتانداردەکانی ئێـوە دەکـەم. ئێـوە سـێ خەسـڵەتتان تێدایـە لـە کاراکتـەری ئـەو کەسـەی کـە لەسـاتەوەختی لـەدایکبوونی ئـەمریکادا ئامـادە بـووە, بـەڵام ئیمڕۆ بە کردەوە بوونی نەماوە: بایەخدان, خۆ تـەرخانکردن, هەسـتی شـکۆداریی. شـکۆ ڕێـز لەخودگرتنێکە کە لە کردەوەدا دەردەکەوێت.

ئێـوە ئـەوەتان هەڵبـژاردووە ژیـانی خۆتـان بخەنە مەترسییەوە بۆ ئەوەی داکۆکی لەم وڵاتە بکەن. من سوکایەتیتان پـێ ناکـەم ئەگـەر بڵـێم ئێـــوە بـــۆ خزمەتگوزارییـــەکی نـــاخودیی دیاریکراون.. لە ئاکارێتی مندا ئەمە نیکی نیە. لە ئاکارێتی مندا, داکۆکیکردن لە وڵات مانای ئەوەیـە کـە مـرۆڤ کەسـێتییەکە نایـەوێت وەکـو کۆیلەیـەکی داگیرکـراو لەبەردەسـتی هـەر دوژمنێکدا بژی, ئیتر دەرەکی بێت یان ناوخۆ. ئەمە نیکییەکی زۆر گەورەیە. لەوانەیە هەندێك

لـە ئێـوە هۆشـیارانە ئاگـاداری ئەمـە بێـت. مـن دەمەوێت یاریدەتان بدەم بۆ ناسینەوەی ئەمە.

سوپای وڵاتێکی ئازاد ئەرکێکی زۆر گەورەی لەسەر شانە: مافی بەکارهێنانی هێز, بەڵام نەك وەك ئامێرێك بۆ ناچارکردن و داگیرکاریی توندو تیژانـە.. وەك چـۆن سـوپاکانی وڵاتـانی تـر لـە مێژووی خۆیاندا وایان کردووە.. بەڵکو بە تەنها وەك ئامێرێـــك بـــۆ داکـــۆکی لـــە خـــۆکردنی نەتەوەیـەکی ئازاد, کە مانـای داکۆکیکردنە لە مافەکانی تاکی مرۆڤ. پرەنسیپی بەکارهێنانی هێـــز تـــەنها دژی ئەوانـــەی دەیانـــەوێت دەسپێشـخەریی دەکـەن لـە بەرهـەم هێنانیـدا, بریتیـە لـە ئـارەزووی سـەرنەویکردن بـۆ مـاف. ئەوپـەڕی پارێزراویی و هەسـتی شـکۆداریی بۆ ئەرکێکی وەها پێویستن. هیچ سوپایەکی تر لە جیهانـدا ئەمـەی بـەدیی نـەهێناوە. بـەڵام ئێـوە بەدیتان هێناوە.

وێسـت پۆینـت زنجیرەیـەکی درێـژ پاڵـەوانی بەخشـیوە بـە ئـەمریکا, ناسـرا و و نەناسـراو. ئێوەی دەرچووانی ئەمساڵ. نەریتێکی مـەزنتان لەپێشـە بیگرنـە ئەسـتۆ.. کـە مـن زۆر پێـی سەرسامم, نـەك لەبـەر ئـەوەی نەریتێکە, بـەڵکو لەبەرئەوی شکۆدارە. من لە وڵاتێکەوە هـاتووم کـە تاوانبـارە بـە خـراپترین سـتەمکاریی لەسـەر زەویدا. بۆیە من بە شیوەیەکی تایبەتی دەتوانم ماناکەی بنرخێنم, مەزنترین و باڵاترین بـەها کـە ئێوە داکۆکی لێدەکەن. بۆیە من بە ناوی خـۆم و گـەلێك خـەڵکی تریشـەوە کـە وەکـو مـن

بیردەکەنەوە، دەمەوێت بڵێم، بۆ هەموو ئەو پیاوانانی وێست پۆینت، لە رابردوودا، لە ئێستاو ئایندەشدا: سوپاستان دەکەم.

ئەم موحازەرەیە بۆ دەرچووانی ئەکادیمیای سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وێست پۆینت وتراوەتەوە.

نیویۆرک، ٦ ی مارتی ١٩٧٤.

ئاین راند (١٩٠٥-١٩٨٢) Rand, Ayn رۆماننوس و فەیلەسوفێکی ئەمریکاییە، یەکێکە لە داکۆکیکەران لە رێبازی تاکگەرایی. لە شاری سانت پێترسبورگی رۆسیا لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٢٦ دا رەوی کردووە بۆ ئەمریکا و لەوێ هەتا ساڵی ١٩٤٣ لە هۆلیوود و کالیفۆرنیا لە بواری فیلمسازییدا کاری کردووە. یەکەمین دوو رۆمانی ئێمەین ژیان – ١٩٣٦، ستایش – ١٩٣٨ باس لە مەترسی دیکتاتۆرییەت دەکەن، لە نمونەی فاشیزم و کۆمۆنیزم، مەترسییان بۆ سەر سیستمە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکان. دیاترین رۆمانی بریتیە لە خۆشگوزەرانی – ١٩٤٣، لە ساڵی ١٩٥٧ دا ئەتڵەس شرۆگێدی نوسی و شۆرەتێکی باشی بەدەستهێنا. دوا هەمین کتێبی بریتیە لە پێشەکییەك بۆ بابەتگەرایی – ١٩٦٧.

## پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

[1] **میتافیزیا**, Metaphysics لقێکی فەلسەفەیە، بایەخ دەدات پشتەوەی واقیع. دەبێت بەدوو بەشی سەرەکییەوە: ئەنتۆلۆجیا، کە بایەخ دەدات بەوەی چۆن چەشنە جیاجیاکانی هەبوون، لە گەردووندا دەردەکەون. لەگەڵ میتافیزیای بنەڕەتیدا کە بایەخدەدات بە خەسڵەتە گشتییەکانی حەقیقەت

[2] **ئەرستۆ**, (٣٨٤–٣٢٢ BC) Aristotle فەیلەسوف و زانای گریکیی بەناوبانگ، لەگەڵ ئەفلاتون و سۆکراتدا بە دامەزرێنەری فەلسەفەی خۆراوا لە قەڵەم دەدرێن. ئەرەستۆ کوڕی نیقۆماخۆسی پزیشکی تایبەتی پادشای مەکەدۆنیە بووە، لە شاری ستاگیرا لەدایك بووە، لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا چووەتە ئەسیناو لەبەردەستی ئەفلاتوندا بووە بە قوتابی و هەتا مردنی مامۆستاکەی لە ئەکادیمیاکەی ئەودا ماوەتەوە. سەرەتا زۆر بە مامۆستاکەی سەرسام بووەو بە رۆحێکی ئەفلاتونییانەوە دەینوسی و نوسینەکانیشی لە شێوەی دیالۆگدا بوون، هەندێك پەرەگرافی ئەو دیالۆگانەمان پێگەیشتووە، بە تایبەتی ئۆدامس کە باسی هەستی ئایینی دەکات و دەگاتە ئاستی تەسەووف. مشتومڕێکی زۆر لە نێوانی ئەرەستۆ و ئەفلاتوندا سەری هەڵداوە، بە تایبەتی دەربارەی مەسەلەی ئیدیالەکان، کە ئەفلاتون پێی وابووە خۆیان لە خۆیاندا بوونیان هەیە، بەڵام ئەرەستۆ دەیووت وا نییە بەڵکو بە تەنیا وێنەن و شتەکانیش کە ماهییەتن لەو وێنانەدا ماقووڵ دەبن، واتە هەموو شتێك لە مادەو وێنە پێکدێت. دوای مردنی ئەفلاتون دەچێت بۆ ئەکسۆس و قوتابخانەی تایبەتی خۆی دادەمەزرێنێت، پاشان قوتابخانەکەی دەبات بۆ میتیلینا و هەتا ساڵی ٣٤٢ لەوێ دەمێنێتەوەو پاشان دەبێت بە مامۆستای ئەسکەندەر کە ئەو کاتە سێزدە ساڵان بوو، لە ماوەیەدا کتێبی مەسەلە هۆمیرییەکانی نوسی. پاشان لە ساڵی ٣٣٥ –٣٣٤ دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەسیناو قوتابخانەیەك دادەمەزرێنێت کە بە ناوی لۆکییۆنەوە شۆرەتی پەیدا کرد. کتێبی سیاسەتی ئەرەستۆ بەرامبەری کتێبی کۆماری ئەفلاتون دەوەستێتەوە لە گرنگییدا. یەکێك لە نوسراوە هەرە گرنگەکانی بریتیە لە ئۆرگانون *Organon*، کە بە مانای ئامێر دێت و بریتیە لە نامەیەك دەربارەی لۆجیك. هەروەها دەربارەی فیزیك و فەلەکناسیی و ئاکارو سیاسەت و گیانەوەران و رووەکسازیی و میتافیزیکیش کتێبی لێ جێماوە.

١ **ئەپستمۆلۆجی Epistemology** لە وشەی یۆنانیی ئەپستیم واتە زانین، هەروەها لۆگۆس، واتە تیوریی، گەردانکراوە. واتە تیوریی زانین. لقێکە لەفەلسەفە، کە سەرقاڵی ئەو گرفتە فەلسەفییانەیە کە لە تیۆریی زانیندا دەردەکەون. ئەپستمۆلۆجی بایەخ دەدات بە پێناسەکردنی زانین و ئەو چەمکانەی پەیوەندییان بە زانینەوە هەیە، سەرچاوەو پێوانکانی زانین، چەشنە شیاوەکانی زانین، لەگەڵ پلەی هەریەکێکیاندا، هەروەها ئەو پەیوەندییەی لەنێوانی ئەوەدا کە دەزانێت و ئەو بابەتەشدا کە زانراوە.

١ **ئێتیك (ئاکارناسی)** **Ethics** (Greek *ethika,* from *ethos,*”character,””custom”) بریتییە لە پرەنسیپەکان یان ستاندەردەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤ، هەندێکجار پێی دەوترێت مۆراڵ . ئاکار (Latin *mores,*”customs”) ، هەروەها بە لێکۆڵینەوەی ئەو پرەنسیپانەش دەوترێت، بۆیە هەندێکجار پێی دەوترێت فەلسەفەی ئاکاریی . مۆراڵی.

١ **عەقڵانییەت** **Rationalism** (Latin *ratio,*”reason”), لە فەلسەفەدا، سیستمێکی بیرکردنەوەیە، جەخت لەسەر رۆڵی عەقڵ دەکات لە پەیدا کردنی زانیندا، لە پاڵ ئەزمونگەراییدا empiricism، کە ئەمیان جەخت دەکاتە سەر رۆڵی ئەزمون و تاقیکردنەوە، بە تایبەتی دەرکی هەستی .perception . دەتوانین بڵێن عەقڵانییەت لە نزیکەی هەموو قۆناغەکانی فەلسەفەی خۆراواییدا ئامادەیی هەبووە. بەڵام بە شێوەیەکی سەرەتایی لە رینە دیکارتی فەیلەسوفی سەدەی حەڤدەیەمی فەرەنساوە، ناسنامەی خۆی وەرگرتووە.

١ **ئیستاتیکا** Aesthetics لقێکە لە فەلسەفە، بایەخدەدات بە جەوهەری جوانی و ناشرینی و درکپێکردنیان. هەروەها خۆشی دەدات لە قەرەی ئەو پرسیارانەی ئایا ئەو جۆرە خەسڵەتانە بە راستی لە ناو ئەو شتانەدا هەن کە وا دەردەکەون، یاخود بە تەنها لە هزری تاکێکدا هەن، بۆیە هەر بابەتێك بەهۆی میزاجێکی دیایکراوەوە درکی پێدەکرێت، واتە میزاجی ئیستاتیکی، یاخود ئایا بابەتەکان خۆیان لە خۆیاندا خەسڵەتی تایبەتی – ئیستاتیکییانەیان هەیە. فەلسەفە پرسیاری ئەوەش دەکات ئایا هیچ جیاوازییەك هەیە لە نێوانی جوانی و بالاییدا. رەخنە و سایکۆلۆجیای هونەر، دوو بابەتی سەربەخۆن، بەڵام پەیوەندییان بە ئیستاتیکاوە هەیە. سایکۆلۆجیای هونەر بایەخدەدات بەو رەگەزانەی هونەر کە بەهۆیانەوە مرۆڤ وەڵامدانەوەی دەبێت بۆ رەنگ، دەنگ، هێڵ، شێوە، هەروەها وشەش و ئەو رێگایانەش کە لێیانەوە حاڵەتە سۆزییەکان ئەو جۆرە وەڵامدانانەوەیەیان دەبێت. رەخنەش خۆی لە چەند کارێکی دیاریکراوی هونەردا دەسەلمێنێت، بونیاکانیان شی دەکاتەوە، ماناو گرفتەکانیان لێکدەداتەوە، بەراوردیان دەکات بەکارەکانی تر و هەڵیان دەسەنگێنێت. زاراوەی ئیستاتیکا لە ساڵی ١٧٥٣ دا، لە لایەنی باومگارتێنی فەیلەسوفی ئەڵمانییەوە داهێنراوە، گەرچی پێش ئەویش بە چەندان سەدەی دوور و درێژ لە مەسەلەی جوانی کۆڵراوەتەوە. جوانی لە رابردوودا بەشێوەیەکی سەرەکی بابەتی فەیلەسوفان بووە. لە سەدەی نۆزدە بەدواوە، هونەرەکانیش لەم بارەیەوە قسەی خۆیان هەیە.

١ **هیوٚم** ، دەیڤید Hume, David (١٧١١-١٧٧٦), Hume, David (١٧١١-١٧٧٦), مێژوونوس و فەیلەسوفێکی سکۆتلەندییە، کاریگەریی هەبووە لەسەر پەرەسەندنی هەردوو پێڕەوی کۆمان و ئەزمونیی. هیوٚم نەچۆتە قوتابخانەوە لە ماڵەوە خوێندوویەتی و لە تەمەنی دوازدەساڵیدا چووەتە زانکۆی ئێدینبۆرگ، هەروەها تەندروستییشی باش نەبووە. دیارترین نوسراوی بریتیە لە نامەیەك دەربارەی سروشتی مرۆڤ، *A Treatise of Human Nature* لە سێ بەرگدا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٧٣٩ . ١٧٤٠دا نوسیویەتی . پاشان لە ساڵی ١٧٤١ . ١٧٤٢دا دووبەرگی ئاکاری سیاسیی بڵاوکردەوە.

١ **ئەفلاتون** Plato (circa ٤٢٨-c. ٣٤٧ bc) فەیلەسوفێکی یۆنانییە، یەکێکە لە کاریگەرترین و ئەفرێنەرترین بیریارەکانی فەلسەفەی خۆراوا. ئەفلاتون لە خێزانێکی ئەریستۆکراسی ئەسینابیدا لە دایك بووە، دەڵێن ئەریستۆنی باوکی نەوەی دوایین پادشای ئەسینایە، دایکیشی خزمی سۆڵۆنی یاساناس بووە. منداڵ بووە کە باوکی مردووەو دایکی شووی کردۆتەوە بە پیلامپس کە هاوکاری پێرکلیسی سیاسەتمەدار و پیاوی دەوڵەت بووە. لە لاوێدا حەزی لە سیاسەت بووە، بەڵام سیاسەتمەدارانی ئەسینا تووشی بێئومێدییان کردووەو رای گۆڕیوە. سەرەنجام دەبێت بە

قوتابی سۆكرات و پاشان گەورەترین تۆماركەرو لێكدەرەوەو گەشەپێدەری فەلسەفەی مامۆستاكەی. فەلسەفەی سۆكرات شێوازێكی دیالەكتیكی هەیە، مشتومڕو دەمەتەقێ و پرسیار و وەڵامە. هەتا ساڵی ٣٩٩ كە تێیدا سۆكرات دەرمانخوارد دەكرێت، لەگەڵ مامۆستاكەیدا دەمێنێتەوە، پاشان روو دەكاتە ئیتاڵیا و سیسیلی و ئینجا میسر. دوای گەشت و گەڕانێكی زۆر لەساڵی ٣٨٧ ی پێش زایینـدا لە ئەسینا ئەكادیمیاكەی دادەمەزرێنێت، كە بە یەكەمین زانكۆی مێژووی ئەوروپا لە قەڵەم دەدرێت. ئەكادیمیا پێڕەوی خوێندنی تایبەتی خۆی هەبوو، بابەتگەلێكی وەكو ئەناتۆمی، بایۆلۆجی، ماتماتیك، تیۆری سیاسی، فەلسەفەی تێدا دەوترایەوە. دیارترین قوتابی ئەكادیمیا ئەرستۆیە كە دواتر قوتابخانەی سەربەخۆی خۆی دادەمەزرێنێت. نوسینەكانی ئەفلاتون هەموویان لە شێوەی دیالۆگدان، لەو دیالۆگانەدا ئایدیاو چەمكە فەلسەفییەكان دەخرێنە بەر لێپرسینەوەو تاقیكردنەوەو رەخنەیان لێدەگیرێت. سەرجەمی كارەكانی ئەفلاتون ٣٥ دیالۆگ و ١٣ نامەن، كە گومان لە خاوەندارێتی هەندێكیان دەكرێت. دیالۆگەكانی ئەفلاتون دەكرێن بە سێ كۆمەڵەوە: سەرەتا و ناوەڕاست و كۆتایی، بەشی كۆتاییان زیاتر شێوەی پەخشانی وەرگرتووە. لە دیالۆگەكانی سەرەتایدا پێڕەویی لە شێوازە دیالەكتیكییەكەی سۆكرات دەكات، لە زۆرینەیاندا سۆكرات پرسیار لە كەسێك دەكات كە خۆی بە دانا دادەنێت، لەچیدا شارەزایت و پاشان لە رێگەی پرسیار و وەڵامەوە دەری دەخات كە دانا نیە. هەندێك لەم دیالۆگانە بریتین لە: خارمیدس: میانڕۆیی، لیسیس: هاوڕێیەتی، لاخیس: ئازایەتی، پرۆتاگۆراس: فێركردنی فەزیلەت، یوتیفرۆن: سروشتی ئاینداریی، هەروەها كتێبی یەكەمی كۆمار: دادپەروەریی. پاشان دیالۆگەكانی ناوەڕاست هی ئەو ماوەیەن كە لە رووی فەلسەفییەوە گەشە دەكات و تێڕوانینی فەلسەفییانەی خۆی دەبێت، بەڵام هێشتا هەر سۆكرات كاراكتەری سەرەكیی دیالۆگەكانە، لەوانە: گۆرگیاس: رەوانبێژیی، ئەپۆلۆجی: داكۆكییەكەی سۆكرات لەبەردەمی دادگادا، مینۆن: زانین، كریتۆن: هەڵنەهاتنی سۆكرات، فایدۆن: رۆح، سیمپۆزیەم: خۆشەویستی،

[1] **ئۆگەستین ، سانت** ,(٣٥٤-٤٣٠) **Augustine, Saint**

مەزنترین قەشەی لاتینیە، دیارترین سەركردەی كەنیسەی خۆراوایە. سەرەتای ژیانی زۆر بە بەرەڵایی و بێباوەڕی بەسەر بردووە. بەڵام دوایی پەشیمان بۆتەوەو لەكتێبی دانپیانانەكانیدا باسی ئەو قۆناغەی ژیانی خۆی كردووە. بۆماوەی دوازدە ساڵ لەگەڵ كچێكدا پەیوەندییان هەبووە، بێ ئەوەی مارەی بكات، كوڕێكیشی لێی دەبێت.

ئۆگەستین لە ١٣ ی تشرینی دووهەمدا لە تاگاستا – نومیدیا ( ئێستا پێی دەوترێت سوك ئەهراس – جەزائیر) لە دایك بووە، باوكی ناوی پاتریشۆس بووەو لە دەوروبەری ٣٧١ دا مردووە، پاگان بووە و دواتر بوو بە مەسیحی. دایكیشی ئافرەتێكی مەسیحی بووەو ناوی مۆنیكا بووە. ئۆگەستین لە ژێر كاریگەری سیسیرۆدا خوی داوەتە گەڕان بە دوای راستیدا. بەرلەوەی بە تەواویی ببێت بە مەسیحی، شەش حەوت شێوازی فەلسەفییانەی تری تاقی كردۆتەوە : لە ٣٧٣ – ٣٨٢ مانی بووە. لەو ساڵەدا رۆمای جێهێشتووەو لە میلان بووە بە مامۆستای رەوانبێژی و لەوێ كەوتە ژێر كاریگەریی ئەفلاتونیزمی نوێوەو ئەسقەفی میلانی بینیوە "سانت ئەمبرۆس" كە نێودارترین ئاینزای ئەو سەردەمە بووە لە ئیتالیا.

نێودارترین كتێبی بریتیە لە "سەربردەو و دانپیانەكانم ٤٠٠"، پاشان شاری خودا " ٤١٣ – ٤٢٦" و زۆر نوسینی تریشی هەیە.

[1] **جەیمس**، ولیەم (١٨٤٢-١٩١٠) **James**, William

فەیلەسوفێكی ئەمریكای باكورە، لە نیویۆرك لە دایك بووەو لە نیوهەمپشایەر مردووە. براگەورەی هینری جەیمسی رۆماننوسە. خێزانەكەی رەوكردووەیەكی ئێرلەندیی بووەو لە ئەمریكا دەوڵەمەند بوون. منداڵیی بە گەڕان و سەفەری ئەوروپا بەسەر بردووە، لە زۆر وڵاتدا و لە زۆر قوتابخانە خوێندوویەتی تا سەرەنجام لە قوتابخانەی هارڤاردی پزیشكی دەوامی كردووە، پاشان وازی لەویش هێناوەو دوای زانای زانستە سروشتییەكان لویس ئاگاسیز كەوتووە و چوون بۆ حەوزی ئەمازۆن و دواتریش سەفەری كردووە بۆ ئەڵمانیا. لە ساڵی ١٨٧٢ دا دەستی كردووە بە وانە وتنەوەو لەسەر ئەم پیشەیەیان بەردەوام بووە. لە

کتێبەکانی: کورتەی سایکۆلۆجیا ــ ١٨٩١, ئیرادەی باوەڕ ــ ١٨٩٧, وێنە جیاجیاکانی ئەزمونی ئاینیی ــ ١٩٠٢, پراگماتیزم ـ ١٩٠٧.

[1]١١ **هیگڵ, جۆرج ولیەم فریدیریك** Hegel, Georg Wilhelm Friedrich (١٧٧٠-١٨٣١), فەیلەسوفێکی ئایدیالیستی ئەڵمانە, یەکێکە لە هەرە کاریگەرترینی فەیلەسوفەکانی سەدەی نۆزدە. لە شتوتگارت لە دایك بووە, باوکی فەرمانبەری باج بووە, لە ژینگەیەکی پرۆتستانتی خاوێندا پەروەردە کراوە, هەرزوو لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە, شارەزای فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان و ڕۆمان بووە. باوکی هانی داوە ببێت بە ئاینزا, لە ساڵی ١٧٨٨ دا, پەیوەندیی کردووە بە پەیمانگای ئاینیی سەر بە زانکۆی توبینکێنەوە. لەوێ پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ هۆڵدرینی شاعیر و شلینگی فەیلەسوفدا بەستووە. دوای ئەوەی کۆرسی فەلسەفەو تیوۆلۆجیای تەواو کرد, بڕیاری دا نەچێتە ناو دەزگای ئاینییەوە. لە ساڵی ١٧٩٣ دا بوو بە مامۆستای تایبەتی لە بەرلین و سویسرە. لە ساڵی ١٧٩٧ دا پۆستێکی هاوشێوەی لە فرانکفۆرت وەرگرت. دوو ساڵ دواتر باوکی مرد و کاروباری ئابوریی خێزانەکەی بەسەر ئەمدا جێهێشت. لە ساڵی ١٨٠١ دا چوو بۆ زانکۆی جین, لەوێ هەم دەشیخوێند و هەم دەشینووسی وسەرەنجام بوو بە وانەبێژ. لە جین کتێبی فینۆمینۆلۆجیای عەقڵی تەواو کرد ـ ١٨٠٧, کە یەکێکە لە هەرە گرنگترین کتێبەکانی. هەتا ئۆکتۆبەری ١٨٠٦ لە جین مایەوە, کاتێك فەرەنسییەکان شارەکەیان داگیر کرد ناچار بوو هەڵبێت. باوکی میراتییەکی ئەوتۆی بۆ جێنەهێشتبوو, بۆیە بە ناچاری دەستی دایە کاری ڕۆژنامەگەریی لە ڕۆژنامەی *Bamberger Zeitung* دا, لە ناوچەی باڤاریا, حەزی لەو کارە نەبوو, بۆیە گواستیەوە بۆ نۆرنبێرگ و بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو. لە ساڵی ١٨١٣ دا کتێبی زانستی لۆجیکی چاپ کرد, لە ساڵی ١٨١٦ دا پۆستی پرۆفیسۆری فەلسەفەی لە زانکۆی هایدلبێرگ پەسەند کرد, پاشان کتێبی ئینسایکلۆپیدیای زانستە فەلسەفییەکانی چاپ کرد ـ ١٨١٧. ساڵی دواتر لە زانکۆی بەرلین وانەی وتەوە. لە ساڵی ١٨٢١ دا کتێبی فەلسەفەی مافی چاپکرد. دوای مردنی زۆرێك لە کتێبەکانی تری بڵاو کراونەتەوە, لەوانە: فەلسەفەی هونەرە جوانەکان ١٨٣٥ – ١٨٣٨, چەند وانەیەك دەربارەی مێژووی فەلسەفە ١٨٣٣ ١٨٣٦, چەند وانەیەك دەربارەی فەلسەفەی ئایین ــ ١٨٣٢, چەند وانەیەك دەربارەی فەلسەفەی مێژوو ــ ١٨٣٧. ئەم کتێبانە لە وانەکانییەوە کۆکراونەتەوە .

١٢ **کانت, ئەمانوێل** Kant, Immanuel (١٧٢٤-١٨٠٤), فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە, بەڕای زۆر لەبیریاران مەزنترین فەیلەسوفە لەسەردەمی مۆدرێندا. دەرچووی زانکۆی کینگسبورگەو فیزیاو ماتماتیکی خوێندووە, پاشان بۆ ماوەی پازدە ساڵ دەرسی وتۆتەوە. سەرەتا زانست و فیزیای دەوتەوە, پاشان وردە وردە وانەکانی فراوان کردەوەو, زۆربەی لقەکانی فەلسەفەشی گرتەوە. لەمیانەی نوسین و وانەکانییەوە شۆرەتێکی باشی پەیدا کردووە, بەڵام هەتا ساڵی ١٧٧٠ کورسی ئوستادێتیی لەزانکۆ بەدەست نەهێناوە, کە دەبێت بەپرۆفیسۆری لۆجیك و میتافیزیا, ماوەی بیستوحەوت ساڵی دواتر لەسەر وانەوتنەوەی ناو زانکۆ بەردەوام بووە. وانە نا ـ ئاینییەکانی کانت, کە زیاتر لەسەر عەقڵانییەت دامەزرابوون, نەك سروش یان وەحیی ئاینیی, تووشی چەند قەیرانێکیان کرد لەگەڵ حکومەتەکەی پروسیاداو, لەساڵی ١٧٩٢دا, پادشا فرەدریکی دووەم فەرمانی پێدەکات کە نابێت دەربارەی بابەتە ئاینییەکان وانە بڵێتەوە یان بنوسێت. کانت بۆ ماوەی پێنج ساڵ گوێڕایەڵی ئەم فەرمانە دەبێت, دوای ئەوە پادشا دەمرێت, بۆیە دیسان تێهەڵدەچێتەوە. ساڵێك دوای خانەنشین بوونی , واتە لەساڵی ١٧٩٨دا, پوختەی بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ

ئایین بەچاپ دەگەیەنێت.. لەساڵی ١٧٨١دا کتێبە رەخنەگرتن لەعەقڵی پەتی *Critique of Pure Reason* بەچاپ دەگەیەنێت, کە بەگرنگترین کتێبی ئەو دەژمێردرێت.

١٣ **دیوی, جۆن** Dewey, John (١٨٥٩-١٩٥٢), سایکۆلۆجیست و فەیلەسوفێکی ئەمریکییە, لێکۆڵینەوەی لەسەر سیستمی پەروەردەیی لەچین و یابان و مەکسیك و تورکیاو یەکێتی سۆڤێت کردووە. خاوەنی تیۆرییەکی پەروەردەیی تایبەتییە کەبەناوی خۆیەوە ناسراوە, کەجەخت دەکاتە سەر گۆڕینی شێوازی فێرکردن لەشێوازێکی رەقوتەقی میکانیکییەوە, بۆ جۆرەها چالاکیی جیاجیا کەهەموویان بەمەبەستی فێرکردن و یاری کردنیش ئەنجام دەدرێن. هەروەها وەکو فەیلەسوفیش, جەختی کردۆتە سەر لێکۆڵینەوەی پراکتیکییانە بۆ پیشاندانی ئەوەی چۆن ئایدیا فەلسەفییەکان دەتوانن لەژیانی رۆژانەدا کاربکەن. کارە دیارەکانی بریتین لە: قوتابخانەو کۆمەڵگا .١٨٩٩, دیموکراسی و فێرکردن .١٩١٦, بیناکردنەوەی فەلسەفە .١٩٢٠, گرفتەکانی پیاوان.١٩٤٦.

١٤**لۆجیك** Logic (Greek *logos,*”word,””speech,””reason”), بەیۆنانیی پێی دەوترێت لۆگۆس, زانستێکە خەریکی پرەنسیپەکانی مشتومڕە عەقڵییە جیاجیاکانە. لێکۆڵینەوەی لۆجیك بریتییە لەهەوڵێك بۆ پێناسەکردنی ئەو حاڵەتانەی کە پێیان دەوترێت پێشەکییەکان premises, دەگوازێتەوە ئەو ئەنجامەی conclusion کە لێیانەوە هەڵدەهێنجرێت. یاسای لۆجیك بریتییە لەپەیوەندیی نێوان پێشەکییەکان و بەرەنجامەکان, وەك ئەوەی ئەگەر پێشەکییەکان دروست بن, ئەوا بەرەنجامەکانیش دروست دەبن.

١٥**ئارگیومێنت** argument گەرچی دەتوانین لە زمانی کوردیدا وشەی مشتومڕ بەرامبەری ئەم زاراوەیە دابنێین و تا رادەیەکی زۆریش ماناکە دەپێکێت, لە زۆر شوێنیشدا وامان کردووە. وەلێ ئەم زاراوەیە لە ئاخاوتن و دانوساندنە فەلسەفییەکاندا زۆر دوبارە دەبێتەوە, بۆیە جێی خۆیەتی وشەکە بێتە ناو زمانەکەمانەوەو خوێنەری کورد پێی ئاشنا ببێت, بە تایبەتی لەم دواییەدا کە هەندێك لە نوسەرانیش وەکو خۆی بەکاری دەهێننەوە. لە زمانی فەلسەفەدا زاراوەکە مانایەکی بەرینی هەیە, بەڵام دەتوانرێت بوترێت کە لە زمانی فەلسەفەدا زاراوەکە بۆ دەربڕینێك یان تێزێکی لۆجیکییانە بەکاردەهێنرێت کە دەرەنجامێکیشی لەگەڵدایە, واتە بیرکردنەوەو ئاخاوتنێکی عەقڵانییانە کە لە پێشەکییەکەوە یان چەند پێشەکییەکەوە دەستپێدەکات و دەگاتە پێشکەشکردنی بەڵگەو دەستاوێژ بۆ دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو یان چاوەڕوان نەکراو.

١٦**کارمایەداریی** Collectivism ئەم زاراوەیە بەکاهاتووە بۆ روونکردنەوەی سیستمێکی سیاسی یان ئابوری کە تێیدا هەموو هۆیەکانی بەرهەمێنان و دابەشکردنی کاڵاکان و خزمەتگوزارییەکانیش لە لایەنی خەڵك خۆیانەوە وەکو گروپێك کۆنترۆڵکراوەو بە هەرەوەزی بەڕێوەیان دەبەن. بەشێوەیەکی گشتی دەبرێتەوە بۆ دەوڵەت. کارمایەداری پێچەوانەی سەرمایەداری یاخود چالاکی سەربەستە, کە لەوێدا هۆیەکانی بەرهەمهێنان هی تاکە تایبەتەکانەو دابەشکردنیش بە پێی بازرگانی ئازاد وسوودی تایبەتی دەبێت. چەمکی کارمایەداریی لە تیۆرییەکی کۆمەڵایەتییەوە هەڵهێنجراوە, کە پێی وایە بەرژەوەندییەکانی گروپ بەسەر یەکەوە لە بەرژەوەندی تاك زۆر زیاترە. کارمایەداریش وەك تیۆرییەکی ئابوری سیاسی, کەمێك لە سویسالیزمی تیۆریی جیاوازە. ئیمڕۆ کۆمۆنیزمی شۆڕشگێڕانە خراوەتە لاوە, کە پێی وایە ئەگەر پێویست بکات, ئەوا دەبێت توندوتیژیی بەکاربهێنرێت. کۆمۆنیزمیش شێوەیەکە لە کارمایەگوزاریی کە تێیدا خاوەندارێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە یەکەی بچووکتردا چڕ بۆتەوە, کۆمۆنە, لەگەڵ کورتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتیشدا.

١٧**کۆمۆنیزم** Communism چەمکێك یاخود سیستمێکی کۆمەڵگایە, کە تێیدا کۆمەڵگا خاوەنی یەکەمی سەرچاوە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و ئامێرەکانی بەرهەمهێنانەو ئەو مافە لەتاکەکات وەردەگیرێتەوە. لەرووی تیۆرییەوە ئەم چەشنە کۆمەڵگایانە بەشی یەکسان بۆ ئەندامەکانی دابین دەکات, بەپێی توانای هەریەکێکیان و, بەپێی پێویستیش سودیا پێدەگەیەنێت. لەهەندێك بۆچوونی کۆمۆنیزمییدا دەوڵەت سودێکی ئەوتۆی نامێنێت, بۆیە پێیان وایە کە کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە, لەدواقۆناغیدا, بێ دەوڵەت دەبێت. کۆمۆنیزم لەرێگای شۆڕشەوە سودی تایبەتی و

زێـــدەبایی کـــار پـــووچ دەکاتـــەوەو هـــەموو توانـــاو لێپرســـراوێتییەکان دەخاتـــە دەســـتی پـــارتی پێشـــڕەوی کۆمۆنیستەوە.

و: ئاوات ئەحمەد

ERROR: syntaxerror
OFFENDING COMMAND: %ztokenexec_continue

STACK:

-filestream-